# خەلیفان .. شارۆچکەی ئـ



خەلیفان ئەو شارۆچکەیەی دەکەوێتە سەر رێگای سەرەکی هەولێر سۆران، ئەو رێگایەی کە بەرێگای هاملتۆن ناسراوەو لە ١٠٠ کیلۆمەتری باکوری شاری هەولێر هەڵدەکەوێت. کەسێك نیە کە سەرفەری سۆران و دەڤەری باڵەکایەتی کردبێت لە وەرزی هاویندا شنەی رووبارە جوانەکەی دۆڵی ئالانەی هەڵنەمشتبێ، جگە لە سروشتە جوان و دڵرفێنەکەی ئەو شارۆچکەیە بە دەیان گەنجی دەرچووی کۆلێژەکان و چەندین ناوی دیاری لە بواری رۆژنامەگەری و فکردا بەرهەمهێناوە، شوێن پەنجەیان دیارە لە کایەی رۆشنبیریدا، دەیان کەسایەتی کاریگەری هەڵگری بیری سۆشیالیزم و دیموکرات و پێشکەتنخواز پەروەردەی ژینگە کۆمەڵایەتی و سروشتیەکەی خەلیفانن، لە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دیارو بەرچاون، شارێکە شۆرشگێرو ناسراو بە پاڵپشتو حەشارگەو پەناگەی ئەنفالکراوان و بەشداریکەری راستەوخۆی شۆرشی رزگاریخوازی گەلی کوردبوون، لەم لایەنەش قوربانی زۆریانداوەو باجەکەشیان بە قورسی داوە، لەپاڵ دەیان دیاردەو شتی جوان لەو شارەدا تاراددەیەك جیا لەشارەکانی دەوروپشتی خۆی لە دوای راپەریندا بیری ئیسلامی توندرەو لەم شارۆچکەیەدا چەکەرەی کردو سەریهەڵدا و دەیان گەنج و لاوو وەرزشوان چوونە پاڵ ئەم گروپانە، دواتریش بوونە جێی سەرنجی چاودێران و کەسانی ئاسایی، چەند سەرکردەیەکی ئەم گروپە توندرەوانە لەم شارەدا دەرکەوتن و بەشداریانکرد لە کاری توندو تیژیدا، هەرچەندە زۆر شوێنی تری کوردستان لەوە زیاتر بەشداری پێکهێنانی ئەم گروپانەن وەکو شارەزوور و هەورامان و هەولێر، بەڵام تا ئێستاش خەلیفان بەشی شێری هەیە لە پێکهنانی ئەم گروپانە لەم دەڤەرەدا، بەراددەیەك کەسانێك هەن لە چوارچێوەی گاڵتە و توانجدا نازناوی (قەندەهار) بۆ خەلیفان دەهۆننەوە، کە رەنگبێ وێکچوونەکە زێدەرۆیی تێدا بێت، چونکە ئەم جیاوازیە لە نێوان ئەم شوێنەو خەلیفان زۆر فراوانترە، بە پێی زانیاری کە دەست کوێستان کەوتووە،خەلیفان سی و پێنج کەسی لەناو گروپی ئەنسار هەبووە، لەوانە چواریان کوژراون پازدەشیان دانیشتوون یان لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشی هەرێم دەستگیرکراون، ئەوانیتریش تاکو ئێستا لەناو ئەم گروپەن، یان نادیارن، دیارترین سەرکردەکانی ناو ئەم گروپە کەخەڵکی سنووری ئەم شارۆچکەیەن ( حەمەدئەمین شەرکانی و زۆزك قادر)ن، بێجان حەسەن ناسراو بە عەبدوڵا خەلیفانی یەکێك بوو لە کەسە کاریگەرەکانی ناو ئەو گروپانە کە کاریگەری زۆریان هەبوو، لە رووبەروو بوونەوەیەکدا لەگەڵ هێزەکانی یەکێتی کوژرا. بۆ زانینیش ناو شارۆچکەی‌خەلیفان ١٨٢٠ خێزانی تێدا نیشتەجێیەو تەنها ٦ قوتابخانەو خوێندنگای هەیە دوازدە دەوامی تێدادەکرێت و تاکە باخچەیەکی ساوایانی نیە و پارك و گازینۆی نیە و سەنتەرێکی رۆشنبیری هەیە، کەچی ١٥ مزگەوتی هەیە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم دیاردەیەو روونکردنەوەی هۆکارەکانی، بە پێویستمان زانی بەدوواداچوونێك بکەین و رای ئەوانە وەربگرین کە هەستیارن بەرامبەر ئەم بابەتەو بۆ ئەوەی بەزانیاری و بۆچوونەکانیان

# ـاراستـه جيـاوازەكـان

## بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەوانییە لەسەر دەرکەوتنی بیری توندڕەوی ئیسلامی

**ڕاپۆرتی: کاکەمین کەمال**



بابەتەکـە دەوڵەمەند بکەن لەلایەك و دەرگایەکیـش بکەنەوە بەڕووی ئەوانـەی دەیانەوێ لێیەوە بێنە نێـو ئەم گفتوگۆیەوە، بۆیە ئەوەی لەم ژمارەیەدا هەڵـان هێنجاوە تەنیا چەند بۆچوونێکـە ئومێد دەکەین تا بەبنبەست گەیاندنی باسـەکە هاوکارمان هەبێ بۆئەوەی خوێنەرانیش ڕاستییان دەست بکەوێ. بۆ درێژەدانیش بە باسەکەمان ڕووی پرسیارمان لە ئیرۆن عومەر نووسـەرو ڕوناکبیر و دانیشتووی شارۆچکەی خەلیفان کـردو ئەو پێی وایە ئـەم دیاردەیە فرە ڕەهەنـدەو زیاتر لە فاکتەرێك بۆتـە هۆی سـەرهەڵدانی و بـەم شـێوەیە شـرۆڤەی پاڵنەرەکانی ئەم دیاردەیـەی کـرد: هێنانە بەربـاس و لێکۆڵینەوەو قسـەکردن لەسـەر دیاردەیەك و جموجۆڵێکی کۆمەڵایەتی یان ڕەوتێکی سیاسیو تەوژمێکی فکری یـان ئایینی شـوێنێك یاخـود جوگرافیایەکی دیاریکـراو، کەبە کایـەی پێشـکەوتنو گەشـەکردن دەورە دراوە، یان بە هێـزی مانەوەو دواکەوتن ئاراسـتەکانی کۆنترۆڵ کراوە، بەئامانجی ئەوەی تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەمان لەلا دروستبکاتو بتوانین شوناسێکی دیاریکراو و تایبەتی پێببەخشـینو پێی بناسـینەوە، ناچار دەبین بۆ باکگراوەندو ڕەهەندە کۆمەڵایەتیـە جۆربەجۆرەکانـی پێش سـەرهەڵدانی ئـەو دەرکەوتەو دەرەنجامانە کە قسەیان لەسەر دەکەین، بگەڕێینەوە. بە سوود وەرگرتن لە چەمکی فەلسـەفی کاتوشـوێنو هـۆکارو ئەنجـامو تەوزیفکردن و موتوربەکردنییان لەنێو شـیکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە چوارچێوەی زانسـتی کۆمەڵناسی. سـەرەنجام ڕوونکردەوە و ڕاستیەکی ڕێژەییمان بەدەسـتەوە دەبێت تا پشتی پێببەستینو لە ڕوانینەکانماندا بەهەڵەدا نەچین. بەداخەوە هیچ کەرەسـتەیەکی ئەوتۆمان لەبەردەست نییە بـۆ قسـەکردنی زانسـتیانە لەبـارەی لانیکەم هەندێك شـوێنو شـارۆچکەی کوردسـتان وەك مێژووی نوسـراو و دۆکیومێنتو ئامارو ببلۆگرافیای ڕووداوەکانی شوێنەکەو شتیتر.

شـارۆچکەی خەلیفان دەتوانین بڵێین یەکێکە لەو شـوێنانەی کە توانـاو بواری قسەلەسـەرکردنی کەمە، بە بەراورد لەگەڵ شـوێنەکانی تـری وەك ڕەوانـدز و هەریـرو شـەقڵاوەو شـوێنانیتری دەوروبەری، بەهۆی مێژوویەکی درێژتر و ئاشکراتری ئەوانەی دوایی، دەکرێ لایەنی هەرەگرنـگو بەرچاوی ئەو شوێنە(سـەنتەری شـارۆچکەی خەلیفان) پرۆسـەی گۆڕانـی بێت لە گوندێکـی بچووك کە ژمـارەی خێزانەکانی لە پەنجەی هەردوو دەسـت تێنەپەڕیووە بۆ شـارۆچکەیەك کە ژمارەی دانیشـتوانی خۆی لە بیسـت ویەك هەزار کەس نزیك کردۆتەوە لەکاتی ئێسـتادا، ئەمەش چەند هۆکارێکی لەپشـتەوە بـووە وەك هەڵکەوتەی جوگرافی شوێنەکە کە دەکەوێتە سەر ڕێگایەکی هەرەسەرەکی هاتوچۆو گواستنەوە لە کوردسـتاندا ئەویش ڕێگای هاملتۆنە، وایلێکردووە ببێتە ناوەندی بازاری ناوچەکەوهاتنی دانیشـتوان لـە گوندەکانی دەوروبەرو نیشـتەجێبوونیان لەوێ، هەروەها فراوانی سنووری جوگرافیو ئیداری شـوێنەکە وەك ناحیەیەك کە (٥٣) گوندی بەسـەرەوەیە، ئەم پرۆسەی بەشارۆچکەبوونەش چل ساڵ لەمەوبەر دەستی پێکردووە، واتا مێژووی


ئیرۆن عومەر

شوێنەکە وەك شار ماوەی چل ساڵی رابردوو دەگرێتەوە کە ئەمەش بۆ شوێنێکی داخراوی جوگرافیی‌و کۆمەڵگایەکی داخراو بەتایبەتمەندی خێلەکی‌و عەشایەریی لە ناو وڵات و کۆمەڵگایەکی بەگشتی دواکەوتوو، مێژوویەك نیە لە توانای دابێ پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی بەرهەم بێنێ‌و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان تیایدا لە پەیوەندی خێلەکی بگۆرێن بۆ پەیوەندی مەدەنی‌و شارستانی، شوێنەکە گەشەی ئابووری‌و فراوانبوونی رووبەری نیشتەجێ بوون‌و ئاوەدانی‌و بیناکاری تا ئاستێك بەخۆوە دیووە، بەڵام پەیوەندی‌و خەسڵەتە کۆمەڵایەتیەکان تیایدا هەمان پەیوەندی لادێی و خێلەکین، ئەمەش لەدیدی کۆمەڵناسیەوە حاڵەتێکی ناتەندروستە و ناتەندروستیەکەشی دەچێتەوە سەرئەوەی کە دەکرێ لە هەمان شوێن (خەلیفان وەك نموونە) بەڵام لەکاتێکی جیاوازدا دیاردەو گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی ببینین هەروەکو دەکرێ لە هەمان کات، بەڵام لە شوێنی جیاوازدا هەمان حاڵەت ببینین، ئەوەی لە خەلیفان‌و زۆر شوێنی تری کوردستان دەیبینین لە هەمووکاتێکدا هەمان شت دووبارە دەبنەوە کە کۆمەڵگای ئێمە چەند سەدەیەکە پێی ئاشنایە، ئەویش پابەندبوون و ئیلتیزامێکی بەهێز بە ترادیشن (پەیوەندیەکانی خێڵ - ئایین)و ستراکچەری چەند سەدساڵەیە، مانایەکەی تری ئەو وێنەیەش لە نەگۆران و پێشنەکەوتن بەولاوە هیچیتر نییە، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاوبگرین کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی چەند هەزارساڵێکی لە قۆناغە شارستانیە جۆربەجۆرەکان تێیپەڕاندووە و ئێستاش هێزی تەکنیك ئەو پێشکەوتنەی لە چەند بەشێکی دونیا تائاستێکی سەرسورهێن خێرا کردووە، دیارە شوێنێك (خەلیفان) بەم تایبەتمەندیانەوە زۆر ئاساییە رەوت و تەوژمی ئایینی‌و نائایینی‌و گروپ‌و کۆمەڵەی دواکەوتوو و نامەدەنی‌و توندوتیژ و مەترسیدار گەرای خۆی تێدا بڵاوبکەنەوە و کار لەسەر جەستەی بکەن و ئاراستەی بکەن بە پێچەوانەی رەوتی گۆران و پێشکەوتن، ئاساییە کەسانی وەك مەلا ئەمین‌و شێخ زانا بۆ هەرماوەیەك کە بیانەوێ تێیدا بگیرسێنەوە، شێخ زاناو مەلا ئەمینەکان لە دەروون و ناخی کەسەکان دووبارە دەبنەوە، شێخ زاناو مەلا ئەمین ساتێك دەمێننەوە و دەڕۆن، بەڵام چەندین شێخ زاناو مەلا ئەمینیتر لەدوای خۆیان جێدەهێڵن، ئاساییە بزووتنەوە و جیهادو تەوحیدو سەلەفی‌و جوندو ئەنصارو کۆمەڵ تێیدا مژدەی بەهەشت بە گەنجە نەخوێندەوارەکانی بدەن، مزگەوتەکان بە ئامادەیی ئەو کەسانە بۆیان هەیە خەڵکێ لەوجۆرە بەرهەم بهێنن، مزگەوت باشترین شوێنە کە ئەوانە گەرای خۆیانی تێدابرێژن و تۆوی ئامانجەکانیانی تێدا بچێنن، بەڵێ لە رابردوودا بزووتنەوە و جیهاد پەرەسەندێکی دیار و بەرچاویان لە خەلیفان بەخۆوە بینی، خەڵکێکی زۆر شوێنیان کەوتبوون، مزگەوتەکانیان کرد بە بارەگای خۆیان و موسوڵمانێکی ناپەیوەست بە رەوتی ئەوان نەیدەتوانی لەو مزگەوتانەدا نوێژ بکات، هەر لە خەلیفان هەندێك لەو رەوتە ئیسلامییە توندرەوانە کەرتبوون و جیابوونەوەیان تێکەوت. دەتوانین چەند هۆیەکی تری بڵاوبوونەوەی ئەو تەوژمە لەنێو خەڵکی خەلیفاندا لەو پەرچەکردار(رد فعل)ەدا بدۆزینەوە کەچەند هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیانداهێنای، یەکێك لەو پەرچەکردارانەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی پاڵپێوەنا کە پێشمەرگەی دێرینی حزبە نەتەوەییەکانیشیان تێدابوو تێکەڵی رەوتە ئیسلامیەکان بن، نادادپەروەری و لەبەرچاونەگرتنی رۆڵی خەڵکی قوربانیدەر و ئەنفالکراوی ناوچە ئازادکراوەکانی سەردەمی رژێم بوو بەبەراورد لەگەڵ سودمەندبوونی خەڵکی بێ هەڵوێست و کۆنەجاش‌و پیاوانی رژێم، کە پێیان وابووە رەوتە ئیسلامیەکان دەتوانن ئەو دادپەروەریەیان بۆ بگێرنەوە. یەکێکیتر لەو پەرچەکردارانە بوونی ئاراستەیەکی بەهێزی چەپ کە پێشتر لە کۆنە کادیرانی کۆمەڵەی رەنجدەران و رێکخستنەکانی شیوعی و زەحمەتکێشان و ئەوانیتردا خۆیان دەبینییەوە، هەرلەو لایەنەوە دەتوانین ئاماژەبەوە بدەین خەلیفان یەکێك بووە لەو شوێنانەی هەرلە کۆنەوە یانەو شوێنی مەیخواردنەوەی تێدا هەبووە، ژمارەیەکی زۆری گەنجان‌و تەنانەت کەسانی بەتەمەنیش بە مەیخواردنەوە راهاتبوون کە رەوتە ئیسلامیەکان تا ئاستی نەهێشتن کاریان لەسەری کردو هەوڵی نەهێشتنیاندا. ئێستەش ژمارەیەك کەسی سنووری خەلیفان بەشێکی گرنگی هێزی ئەنساری ئیسلامی پێکدەهێنن، وێرای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆریان گەرانەوە و بەشێکیشیان لەلایەن هێزەئاسایشییەکانی هەرێم دەسگیرکران، ئێستەش وادێتەبەرچاو مەیلێك بۆ ئەو بزاوتانە هێشتان لە ئارادایە، دەکرێ بڵێین ژمارەیەکی زۆرتر لە پێویست مزگەوت لە خەلیفان هەن ، گەرەك هەیە دوو مزگەوتی تێدایە کە دووریان لەیەکتر ناگاتە سەد مەتر، لەکاتێکدا ژمارەی قوتابخانەو خوێندنگاکان زۆر کەمە، قوتابخانە هەیە زیاتر لە دوو دەوامی تێدا دەکرێت، وێرای پاڵەپەستۆیەکی زۆری ژمارەی قوتابیان، باخچەی ساوایان بەهیچ شێوەیەك هەر بوونی نییە. کە ئەمانە دەڵێین مانای ئەوەنیە کە بەشێوەیەکی بنبڕ هیچ جموجوڵێك لە ئارادا نەبووە بۆ گۆران، دەکرێ بڵێین هەبووە، بەڵام زۆر سست و کەم هەستپێکراو ، وەك ئەوەی سی ساڵ لەمەوبەر مامۆستای تێدا هەبووە خەڵکی خەلیفان بووە، ئێستاش ژمارەیەکی زۆر مامۆستای لەهەردوو رەگەزی ژن و پیاو لەخەڵکی ناوچەکە هەیە، هەروەها سەنتەرێکی رۆشنبیری کە ماوەی پێنج ساڵە دامەزراوە هەندێ کاری باشی کردووە، بەڵام گەنجان و خەڵکانی تر وەکو پێویست بەپیریەوە ناچن، دەرچووی زانکۆ لەبەشەجۆراوجۆرەکان بەژمارەیەکی زۆر هەن، بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیرنەچێت ئێستاش بەشێکی زۆر لە کچان رێگای تەواوکردنی خوێندنیان پێ نادرێت، کچان لە تەمەنێکی کەم بەشوودەدرێن ، کوران زوو دەخرێنە ناو پەیوەندی هاوسەری، ژنبەژنێ و گەورە بە بچووك‌و شیربایی برەوی ماوە، یەکتر قبوول نەکردن‌و ململانێی بنەماڵەیی و بەرەباب و خزمایەتی بەسەر دامودەزگا و فەرمانگەکانەوە دیارە، بەهۆی پێکهاتەی جۆراوجۆری خەڵکی خەلیفان کە لە عەشیرەتەکانی سورچی و هەرووتی و خۆشناو و سرێشمەیی پێکهاتووە. گومانی تێدانییە کە شەری ناوخۆ کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری بەسەر خەڵکی سنووری خەلیفانەوە بەجێ هێشتووە بەهۆی ئەوەی کە ئەم شارۆچکەیە و گوندەکانی هێڵی تەماسی هەردوو حیزبی بەشەرهاتوویان پێك دەهێنا، ئەو شارۆچکەیە لایەنگری هەردوولای بەرێژەیەکی زۆر پێکدەهێنا، کە شەر وای لێکردن ناکۆکی بکەوێتە نێو ئەو لایەنگرانەوە و تاکاتی ئێستەش بەشێك لەو خەڵکانە شیرازە و پەیوەندی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ یەکتر پچراوە، تەنانەت ناکۆکی کەوتبووە نێو خودی خێزانەکانەوە، سەرەرای ئەوزەرەر و زیانە گیانی و ماددییەی بەر بەشێکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە کەوت، وەك کوژرانی دەیان کەس و پەککەوتنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە ناوچەکە، دەتوانم بڵێم ئەو خەڵکە بەدبەختە تەنها دەسترۆیشتووەکانیان نەبێت ئەوانیتر تاکو ئێستاش قەربوو نەکراونەتەوە.

دواتر یەکێکی تر لەوانەی هاوکاری کردین بۆ درێژەدان بەم تەوەرەیە زوبێر رەسوڵ بوو کە دەرچووی کۆلێژی یاساو خوێندکاری ماستەرە لە بواری یاسا و گەنجێکی رۆشنبیری شارۆچکەیە و پێی وایە ئەم دیاردەیە زیاتر هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ باردۆخی کۆمەڵاتی کوردستان بە گشتی و شارۆچکەکە بەتایبەتی و بەم شێوەیە شرۆڤەی دیاردەکە

دەکات" گـەران بەدوای هۆکارە سـەرەکیەکانی ئینتیما یاخود روونتر بلێین "تێکەوتن" بۆ ناو رێکخستن و ئەدەبیاتی گروپە ئیسلامیەکان زیاتر لە هۆکارێك و پتر لە دەرەنجامێك هەڵدەگرێت. لێرەدا پێم باشەو بە لۆژیکیتریشی دەزانم سەرنج بدەم بۆ سەر دوو فاکتەری سەرەکی، کە بە پێویستی دەزانم بۆ شرۆڤەکردنی هەر قەیرانێکی کولتوری و سیاسی دا بەدوای بگەرێین، ئەویش دوو پێکهاتەی هەرە سەرەکین کە لەم هاوکێشەیەدا رۆڵێکی کارا دەگێرن:

یەکەم / بریتیە لەو کولتور و ئایدۆلۆژیایەی کە کۆمەڵە کەسانێك کێش دەکا کە پێوەندی بکەن بەم جۆرە رەوتانە، کە بۆ دواجار گوتارێك بەرهەم دێنی سەراپای بریتیە لە توندوتیژی و زەبرو زەنگ.

دووەم/ کـێن ئـەو کەسانەی کەدەبنە بەرهەم و هە ڵگرو خۆراك و تەشەنەکردنی ئەم گوتارە توتالیتارە، تا ئاستی خوێن حەلاڵ کردن و وێرانکردنی جەستەی خۆیان. بۆ بەرەودان بە ئامانجەکانی ئەو گوتارە. ئەگەر بە گشتی سەیری بالابوونی کولتوری ئیسلامی سیاسی وەك رەهەندێکی توتالیتار بکەین، کە هەڵدەستێت بە داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی گشت بوارەکانی ژیان و مانەوە، ( واتا نەك ئایین وەك پێوەندییێکی تاکەکەسی و مۆراڵی، لەنێوان مرۆڤ و خوادا) بەڵکو ئایین بەرەهەندە ترسناکەکەی کەرەهەندی ترس و ئازاردانە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم پێوەندیە لادەرەی (منحرف) ئایین بەشێکی فراوانی کولتورو گوتاری ئیسلام بەگشتی و ئیسلامی سیاسی بەتایبەت، پێکدێنێت، لەم رەهەندەدا ئایین زۆر بەکەمی دەتوانێت گوتاری لێبوردەیی و پێکەوە ژیان بەرهەم بێنیت ( لەوانەیە ئەمە یەکێك بێت لەو خاڵە سەرەکیانەی کە تائێستاش ئایینی ئیسلام نەیتوانیووە تێیپەرێنێت، سەرەرای بوونی چەند هەولێك لەلایەن بیرمەندە تەنویریەکانی ئیسلام وەك، محمد عەبدەو جەمالەدین ئەفغانی و عەلی عبدول رازق و نسر حامد ئەبو زێدو حسن ئەلتورابی و عەلی جومعە ..تد ) تائێرە مەبەستمە ئەوە بلێم کە خودی کولتوری ئیسلام و هەڵنەگرتنی خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەقەکان، وای کردووە زەمینیەکی لەبار بسازێنی بۆ نەشونماکردنی ئەم تێروانینە توتالیتاریانەی ئایین (هەڵبەتە مەبەستم ئەوە نیە کە ئەمە سروشتە رەسەنەکەی ئایینی ئیسلام بێت).

خاڵی دووەم، کە تەواوکەری خاڵی یەکەمەو، لە پێوەندییێکی پتەودایە لەگەڵ رەهەندە روحیەکەی گوتاری ئەم گروپانە، بریتیە لەو توخمانەی کە لایەنی کردەیی و جێبەجێکاری ئەم گوتارە دەگرنە ئەستۆ. بۆ گەران بەدوای ناسنامەی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی ئەندامەکانی ئەم گروهانە، دەتوانین بلێین بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە پێکهاتەیەکی کولتوری و کۆمەلایەتی ئاڵۆز، کە خەڵکی دەرەوەی شار و قەراغ شارەکان بەشێکی هەرە فراوانی ئەم دەست و تاقمانە پێك دەهێنێت، لەسەر ئاستی بەرزو نزمدا (قیادەو قاعدە). ئەم پۆلین کردنە بۆ زۆربەی ولاتانی عەرەبی و ئیسلامیش راستە) یاخود خەڵکی ئەو شارانەن کەبەشێکی زۆری دانیشتوانی لەلادێکانەوە هاتوون یاخود زیاتر لادێ و ناشارین، شار وەك پێگەیەکی مودێرن بۆ پەیوندیە کۆمەلایەتی و ئابووری سیاسیەکان، بۆیە ئەم دەڤەرەی خەلیفان و دەوروبەریش، بەدەر نیە لەم جۆرە تێبینیانە. ئەو خەڵکانەی کە منتمی و بەشدار بوونە لە پەرە پێدان و تەشەنەکردنی ئەم رەوتانە خەڵکی دەرەوەی کولتوری شارو، لادێکان بوونە، نزمی ئاستی خوێندەواری رۆشنبیری و سادەو ساکاری و، خۆش باوەری خەڵکی ئەم دەڤەرە هەمیشە هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ دەستەمۆ بوون و تێکەوتن بۆ ناو شانەکانی ئەم گروپانە. خالێکیتر کە ئەم گروپانە توانیویانە تاراددەیەکی باش خۆیانی پێ بەرهەم بێننەوە، گوتاری سیاسی خۆیان پێ دارێژنەوە گواستنەوەی ئەو چینەی ژێرەوەیە لە چینێکی پەراوێز و نزمی ئاستی خوێندەواری و رۆشنبیری، بۆ وەهمێك، کە پاش ئەزبەرکردن و خوێندنەوەی چەند حەدیس و ئایەتێکی دیاریکراوی جۆشدراو بە پەیامێکی سیاسیی توندوتیژ، هیچ رۆشنبیر و پرۆفیسۆرێك پێی نەگات، تا مەرتەبەی "علم و هدایەت" چونکە ئاستەکانی زانست و روناکبیری لە فەرهەنکی ئەو جۆرە گروپانە بەبێ پەیوەست بوون بە ئایدولۆژیاو گوتارێکی دارێژراو، هیچی کەمتر نیە لە رەفتارێکی شەیتان ئاسا، وەك ئەو مارشەی کەهەمیشە کاوێژیان دەکردەوە :( لو کان للعلم من غير التقى شرفاً، لكان أشرف خلق الله ابليس). بەلام ئەوەی تایبەت بێت بە هۆکارەکانیتر، بەرای من زۆربەیان دەکەونە دوای ئەم هۆکارەی کە لەسەروە ئاماژەمان پێدا، بەلام لە هەمان کاتدا هۆکاری بی گوناه نین لەم هاوکێشەیەدا، چونکە ئایین لەم رەهەندەدا، گشت کایەکانی تری کۆمەلگا داگیر دەکاو دووبارە لە فۆرمێکی تری توندوتیژی ئاینیدا بەرهەمی دێنێتەوە، کە لەم فۆرمەدا نەك هەر داب و نەریت و مێژوو ئابووری و مزگەوت، بەڵکو ئەرزو ئاسمانیش لە سایەی پەیامی ئەوانەوەیە، بەو پێوەرەی ئەوان گروپگەلێکن (يأمرون بالمعروف وينهون عن المنكر). بۆیە من نکولی لە سەهمی هۆ کارەکانی تر ناکەم، بەتایبەت شەری ناوەخۆ و خراپی گوزەرانی ئابووری، بەلام نسبەت بەو رەهەندە کولتوریەی کە من ویستومە تیشکی بخەمە سەر، خاڵی لاوەکین.



زوبێر رەسوڵ

خالێکیتر کەزۆر گرنگە لەم گفتوگۆیەدا تیشکی بخرێتە سەر، ئەوەیە ئایا دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئەم جۆرە لە گوتارو ئەم فۆرمە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئایین و مرۆڤدا لە ئارادایە؟ ئایا جارێکیتر هەروا بە ئاسانی خەڵکی ئەم ناوچەیە ئامادەیە بخزێتە ناو قەفەسەکانی ئەم گروپانە و تەوزیفکردنی بۆ مەرامە تێرۆریەکان؟ بەتایبەت دوای ئەوەی ئەم رەوتانە کەسانێکی وەك شێخ زانا و ئەنجامدەرانی کارەساتەکەی یەکی شوباتی لێکەوتەوە؟ ئایا تائێستاش کەسانێك هەن کە پشتگیری لەم گوتارە بکەن و هیوای ژیانەوەی بۆ بخوازن؟ ئایا هەنگاوێك نراوە بۆ بەرگەگرتن یاخود دوبارەنەبوونەوەی ئەم دیاردە خەتەرناکانە؟ ئایا تاچەند ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ئەم جۆرە گوتارە بۆ کاتی ئێستامان لە ئارادایە؟ بۆ بەرسقی ئەم جۆرە پرسیارانە بەرای من ئەبێ بگەرێینەوە بۆ سەرچاوەی قەیرانەکە، کەپێشتر ئاماژەم پێدا، واتا بۆ خودی ئایین و کولتو، چونکە هەر کاتێك نەسقی کولتوری کومەڵگا(وەك هابرماس پێیوایە) لە شوێنێکدا وەستا، یاخود توانای چارەسەری کێشەکانی پێنەماو، یان بوو بە فاکتەری بەرهەمهێنانی کێشەکان وەك ئەوەی ئێستا لەئارادایە، ئەوا مانای وایە خودی کولتورو کۆمەڵگا لە قەیراندایە، بۆیە دەبێ لەم سیستەمەی کولتوردا بە دوای چارەسەری قەیرانەکاندا بگەرێین، بۆئەوەی کایە کولتوریەکانی کۆمەڵگا بەو جۆرە نەخۆشیانە بارگاوی نەبن، کە ئەگەری چارەسەرکردنی ئەستەمە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم بەر لە هەر شتێك، سەرووەری مرۆڤ و بەها مرۆڤایەتیەکان بگەرێنینەوە بۆ ناو کولتوری تاك و کومەڵ داب و نەریتە کۆمەلایەتیەکانی، کە پێم وایە دەمێکە ئەم بوارە لەکولتوری ئێمەدا زەوتکراوە نەوەك خۆی بوونی نەبیت. ئەبێ بایەخێکی تایبەت بدەین بە بەهاکانی دیموکراسی و لێبوردەیی و دامەزراندنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و نمایشکردنی چالاکیە هونەری و رۆشنبیریەکان، بە تایبەت لەسەر ئاستی توێژی گەنجان، کە هەمیشە خۆراکێکی ئاسان و بەهێزی بەرهەمهێنانی ئەم مۆدیلەی پێوەندی نێوان مرۆڤ ـ ئایین ـ سیاسەت بوونە.